سەرکی ئینجومەنی وەزیران پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە وەزیری دەرەوەی بەریتانیاوە پێدەگات



سەرکی ئینجومەنی وەزیران مەحمەد شیاع سودانی ئەوارەی ئەمڕۆ دووشەممە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی پێگەیشت لە وەزیری دەرەوەی بەریتانیاوە دەیقد کامیرۆن.

بەگوێرەی راگەیەندراوکی نوسینگەی هاگیاندنی سەرکی ئینجومەنی وەزیران لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات تاوتوێ کرا لەگەڵ چەنیەتی پتەوکردنیان، جگە لە خستنەڕووی بارودۆخی ئەمنی و سیاسی ناوچەکە و دواین پێشهاتەکانی پرسی فەلەستین.

سەرکی ئینجومەنە وەزیران جەختی لە پابەندبوونی عێراق کردەوە بەدابینکردنی ئاسایش بە هاوڵاتیان و ئەو نێردە دیپلۆماسیانەی کە لە عێراق کاردەکەن بە پێی یاسا و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان و دووپاتی کردەوە کە هەر پێشێلکارییەک بە سەر سەروەری و زیان گەیاندن بە ناوبانگی وڵاتەکە ڕێتدەکاتەوە.

هەروەها سودانی جەختی لەوە کردەوە کە حکومەت و هێزە ئەمنییەکانی عێراق سوورن لە بەدواداچوون بە ئەنجامدەرانی هەر هێرشێک بە سەر نێردەکان و شوێنی کارکردنی هاوڵاتیان، بەگوێرەی یاسا و ئەوەی کە لە بەرژەوەندی ئاسایشی عێراقدایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات.

سودانی ئاماژەی بۆدا کە بەردەوامبوونی هەرشەکان لە غەزە کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو سیستەمی جیهانی و ئاسایشی ناوچەکە بەتایبەتی بە ئامانجکردنی هاوڵاتیانی سڤیلی بێچەک، ئەمەش پێشێلکردنی ئاشکرای هەموو یاسا نێودەوڵەتی و مرۆییەکانە و زلهێزەکان ئەستا هووبەووی بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و یاسایی دەبنەوە بۆ ڕاگریکردن لە بەردەوامبوونی کوشتنی سیستماتیکی و ئاماژەشی بۆدا کە پێویستە ئێندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش پشتیوانی لە داواکەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەووی ئاگربەستەوە.

لە لای خۆیەوە کامیرۆن پێزانینی خۆی بۆ هەوڵستەکانی حکومەتی عێراق دەربڕی لە پاراستنی نەردە دیپلۆماسییەکان و جەختی لە خواستی حکومەتەکەی کردەوە بۆ پەرەپێدانی پێوەندییەکان لەگەڵ عێراق و فراوانکردنی ئاسۆی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات، بە شێوەیەک لە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو گەلی عێراق و بەریتانیا بێت و پشتگیری لە سەقامگیری ناوچەکە بکات.